# مرۆڤ، تەنیایی، نائومێدی، تێکۆشان، ئومێد



د. ناصح قەرەداخی

سەدان هەزار ساڵە مرۆڤ هەڵوەدایە و بەدوای بەختیاریدا دەگەڕێ. یەکەمین باپیرەکانی کە کەوتنە تەک یەکتر و قەدیان راست کردەوە و وردە وردە دەست و مێشکیان خستەکار، کەوتنە هەڵپەی بەدەستهێنانی ژیانێکی تر، واتە کەوتنە خەیاڵی داهاتوو. رەنگە لەم خەیاڵ و هەڵپەیەدا زمان یان بەگشتی مێشکی بیرکەرەوە کارا بووبێ چونکە بە بێ زمان مرۆڤ نەیدەتوانی رابوردوو بێنێتەوە یاد و داهاتوویەکی رەنگینتر بۆخۆی بەرجەستە بکا، پیلان و نەخشەی بۆ دانێ و ماسولکەکانی بخاتە کار بۆ جێ بەجێکردنی خەیاڵەکانی. لەراستیدا پێدەچێ مێشکی بیرکەرەوە لەهەمان کاتدا سەرچاوەی هەموو بەختەوەری و کوێرەوەرییەکانی مرۆڤ بێ.

مرۆڤ کە لەگەڵ پەیدابوونی دا هەموو غەریزەکانی ئاژەڵی بەمیرات بۆ جێ ماوە، بەهۆی مێشکە فێڵبازەکەیەوە دەکەوێتە دارشتنی جۆرەها نەخشەی ترسنۆکانە و ئازایانە بۆ تێرکردنی غەریزەکانی بە چاکترین شێوە و بەدەست هێنانی زیاترین لەززەت لە هەموو بوارێکی مومکیندا: باشترین و زیاترین خواردن، جوانترین و زیاترین هاوئامێز، خۆشترین شوێن، باشترین چەک، باشترین ئەشکەوت... مرۆڤی تێرنەخۆر(چڵێس) کە غەریزە بنەرەتییەکانی تێر دەبن ئینجا دەکەوێتە خەیاڵات و غەریزەکانی وردتر و وردتر دەکاتەوە: لەجیاتی سک تێر کردن دەگەڕێ بزانێ چ خۆراکێ خۆشترە و کەمتر دەست دەکەوێ و هەرسی ئاسناترە. لەجیاتی ئەشکەوت خانوو و جۆرەها دیکۆر، لەجیاتی پێستی ئاژەڵ جلوبەرگی ئاوریشم، لەجیاتی هاوئامێز جۆرەها وردەکاری سێکسی.

بەکورتی مرۆڤ هەرگیز رازی نابێ و هەمیشە هەڵپەی هەنگاوی داهاتوویەتی. هەڵبەتە ئەمەش لەگەڵ گەورەبووندا ئاڵۆزتر دەبێ و لە کوێرەکانییەکەوە دەبێتە چۆمێک و لە چۆمەوە دەبێتە روبار و لە روبارەوە بۆ دەریاچە. تا ئەوەی مرۆڤی بەدبەخت لە دەریای تێرنەخواردووی ئارەزووەکانی دا سەرگەردان دەبێ و بەهەر چوارلادا دەست و پەل دەکوتێ.

بەڵام ئادەمیزاد چۆن دەتوانێ هەموو ئارەزووەکانی تێر بکات لەکاتێکدا تەنیا نییە بەڵکوو لەناو هەزاران ملۆزمی وەک خۆی دایە کە هەر یەکە لەوی تر زیاتر پەلەی سبەینێیەتی و هەڵوەدای پچڕینی زیاترین بەش لە بابەتی غەریزەکانیەتی. بابەتی غەریزەش چ خواردن بێ چ سێکس و چ پلە و پایە، سنووردارە و بە یەکسانی بەشی ئەم هەموو داواکارە ناکات!! لە راستیدا ئەگەر بەشیشی بکردایە، ئەگەر مومکین بوایە هەموو ئارەزووەکانی هەموو مرۆڤەکان تێر بکرایە هێشتا باوەر ناکەم لایەنی کەم ئارەزووی هەندێ لەو مرۆڤانە دابمرکایە کە لەچاو خەڵکی ئاسایی، غەریزەیان زیاتر بەسەریاندا زاڵە. بەراستی لەوە دەچێ شەهوەتی مرۆڤ (بەرامبەر بە غەریزە بەگشتی) قابیلی رازی بوونی هەمیشەیی نەبێ و مرۆڤ لە چارەی نووسرابێ هەتا هەتایە بە برسێتی بمێنێتەوە و بەرەو نائۆمێدی و کوێرەوەری بچێ.

ئەمرۆ هەر قوتابییەک بگری بە ئەندازەی هەموو فەیلەسووفەکانی یۆنانی کۆن دەربارەی زەمین و زەمان و ئاسمان و لەشی مرۆڤ و .... دەزانێ. زانیاری بە ملیۆنان جار پەرەی سەندووە و لە داهاتووشدا منداڵان گاڵتە بە ئاستی زانیاریی زاناکانی ئەمرۆ دەکەن. بەڵام سروشتی مرۆڤ: خۆپەرستی، تەماع، غەریزە، تووڕەیی، ئارامی... بەکورتی رەفتار و و تەبیعەتی مرۆڤ گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە. دەیان هەزار ساڵ پێش ئێستا چۆن راوچییەک لەسەر نێچیر، شوانێک لە سەر لەوەڕگە، پیاوێک لەسەر دەسەڵات، یا ژنێک لە ئەڤیندا کاردانەوەیان نیشان داوە لە شێوەی تووڕەیی و رق و تۆڵە و لەخۆبوردندا، وەڵامی مرۆڤی ئەمرۆش لە هەلومەرجی لەوجۆرەدا هەمان هەڵچوون و داچوونەکەی جارانە گەرچی رەنگە لە بەرگێکی کەمێ جیاوازدا بێ.

مرۆڤی تێر نەخۆر بەو سروشتە خۆپەرستەیەوە لەناو هەزاران مرۆڤی خۆپەرستی وەک خۆیدا لە کاتێکدا ئیمکانی هەلومەرجی یەکسان وجوودی نییە، چۆن دەتوانێ هەست بە ئاسوودەیی بکا؟ چۆن تەنیا نابێ؟ چۆن نائومێد نابێ؟ لەوە دەچێ دوودڵی و تەنیایی و نائومێدی بەئەندازەی تەمەنی مرۆڤایەتی کۆن بن. رەنگە لەگەڵ پەیدا بوونی مێشکی بیرکەرەوەدا پەیدا بووبن و هەرگیز بەرۆکی مرۆڤ بەرنەدەن. مرۆڤایەتی هەر لە کۆنەوە دەرکی بەم تەنیایی و نائومێدییە کردووە و هەستی بە پووچی ژیان کردووە بەڵام ناچار بووە بژی، کاربکات، هەوڵ بدات، گەورە ببێ، ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی جێبەجێ بکا و بمرێ. لەگەڵ ئەوەشدا نائومێدی و تەنیایی هەمیشە لەناو دڵیدا لانەیان هەبووە و ناوە ناوە بە هەوری کار و عادەت داپۆشراون. مرۆڤ بیست ساڵ، سی ساڵ، پەنجا ساڵ سەرومڕ سەگ مەرگی کاری کرووە و سەرەنجام لەخۆی پرسیوە بۆچی، لەپێناو چی؟ کۆتایی کە هەر مردنە، فەوتانە!!! کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەر کۆڵی نەداوە چونکە وای لێ چاوەروان کراوە ئەمیش ئەبێ وەک هاوزمانەکانی تا دەمی مەرگ هەڵپەی بێ. ئەوساش کە دەمی کراوەی گۆڕ لاشەی کرم تێداو و فەرامۆشکراوی هێناوەتە یادی، دڵی بە تروسکەی زیندووبوونەوە خۆش کردووە بەلکوو ئەو ئارەزووانەی کە لە دنیای خاکیدا بۆی تێر نەکراون، لە دنیای جاویدان دا بەدی بێنێ. بەڵام هێشا لە قووڵایی دڵیدا نائومێد بووە و دەستەپاچە بۆیە هەرگیز بەدڵ ئامادەی مردن نەبووە.

مرۆڤی چارەڕەش لەم سەفەرەیدا تەنیا بووە. مەگەر چۆن توانیویەتی تەنیا نەبێ لەکاتێکدا هیچ هاوڕێیەکی ئەبەدی نەبووە ئارەزووەکانی لەگەڵ بەش بکا و چارەنووسی ببەستێ بە چارەنووسیەوە و لە دەرەنجامی حەتمی، لەمەرگ، رزگاری بکات؟ راستە دۆستانی هەبوون بۆ گفتوگۆ، بۆ شەونخوونی، کار و هاتوچۆ و تەنانەت هاورێی فیکریش، بەڵام ئەمانە ئەو هاورێ ئەبەدییانە نەبوون کە قوڵ بکەن بە قوڵی "من" دا و لێی جیانەبنەوە. کاتێ بەرژەوەندی "من" یانی هەمان خۆپەرستیی ئەبەدیی مرۆڤ کەوتۆتە مەترسییەوە، ئەوسا تەنیایی باوەشی بۆی کردۆتەوە و بۆی دەرکەوتووە ئەوانەی لە خەیاڵێکی رێگوزەردا دۆستانێکی گیانی بوون، بێگانە بە "من" بوون بە زنجیرەیەک ئارەزووی لە کەمیندا وەستاو. بەراستی کام دوو هاوڕێ، کام دوو برای گیانی، کام دوو هاوبیر، دوور لە چاوی خەڵکی لە ناخی دڵیاندا جارجار هەست بەو پردەی نێوانیان ناکەن کە هەرگیز قابیلی پەرینەوە نییە بۆ هەردووکیان.

**بەڵام ئادەمیزاد چۆن دەتوانێ هەموو ئارەزووەکانی تێر بکات لەکاتێکدا تەنیا نییە بەڵکوو لەناو هەزاران ملۆزمی وەک خۆی دایە کە هەر یەکە لەوی تر زیاتر پەلەی سبەینێیەتی و هەڵوەدای پچڕینی زیاترین بەش لە بابەتی غەریزەکانیەتی. بابەتی غەریزەش چ خواردن بێ چ سێکس و چ پلە و پایە، سنووردارە و بە یەکسانی بەشی ئەم هەموو داواکارە ناکات!**

لە کۆنەوە مرۆڤ هەستی بەم خۆپەرستی و تەنیایی و جوداییە کردووە و هەوڵی داوە لە رێگەی پەیداکردنی بەرژەوەندی هاوبەشەوە خۆی لە تەنیایی رزگار بکات یانی "ئێمە" بخاتە شوێنی "من". گوایە ئازادی و سەرفرازی ئینسانیان لەم جێ گۆڕکێیەدا دیوەتەوە. بۆ ئەمەش خێزان، خێڵ، کۆمەڵگە، ئایین، دەستە و حزبی جۆراوجۆر دروست بوون. لەناو ئەم کۆمەڵانەدا هەمیشە هەوڵ دراوە "من" بخرێتە ژێر رکێفی "ئێمە" و "ئێمە"ش بەرامبەر ئەم تەسلیم بوونەی "من"، "من" لە تەنیایی رزگار بکات. گومان لەوەدا نییە "من" کەڵکی لەم مامەڵەیە وەرگرتووە و لە زۆر بواردا ژیانی بۆ ئاسان کردووە. لە مەشدا "من" ـە فێڵبازەکان ئەوانەی هەلومەرج باشترین فرسەتی پێداون، زیاترین بەشیان بەرکەوتووە. بەڵام ئەم مامەڵەیە لەسەر حسابی بێبەشکردنی "من" بووە لە هەندێکی تری ئارەزووەکانی. جگە لە وەش تەنانەت لە ناو "ئێمە" شدا مرۆڤی تەنیا لە کابووسی تەنیایی رزگاری نەبووە مەگەر بەدەگمەن هەندێ کات "من" بەتەواوی لەناو بۆتەی "ئێمە"دا تواوەتەوە و ئارەزووەکانی فەرامۆش کراون. ئەڵبەتە ئەم کاتانەش زیاد نەبوون و کەسانێکی کەم توانیویانە پێی بگەن و لە مانیش بەدەگمەن بەدرێژایی ژیانیان بڕیان کردووە. رێگەیەکی بە دەوامتر بۆ دەربازبوون لەم تەنیایی و نائومێدییە کە مرۆڤ لە کۆنەوە پەی پێ بردووە، گەڕانەوە بۆ خود(نەست) بە مەبەستی دابەزاندنی ئاستی خواستەکانی خود و دوورەپەرێزی لە ململانێی خواستەکان، بە مانایەکی تر چاوتێری و زوهد بووە.

بەکورتی مرۆڤ لەو کاتەوە کە چەمکی رابوردوو و داهاتوو لە مێشکیدا گەڵاڵە بووە، هەمیشە تەنیا بووە و نائومێد. هەموو هەوڵەکانیشی لە پێکەوەنانی خێزان و کۆمەڵ و حیزب و ئایین و دامودەزگا کۆمەڵایەتییەکاندا نەیان توانیوە لەم تەنیایی و نائومێدییە رزگاری بکەن چونکە مرۆڤ نە دەتوانێ دەست لە غەریزەکانی خۆی هەڵ بگرێ، نە دەتوانێ خۆی لە مێشکی بیرکەرەوەی خۆی و کاریگەریی سیلبی بە ئەنجام گەیشتنی غەریزەکانی هاورەگەزەکانی رزگار بکات. تازە ئەگەر کەسێ بتوانێ خۆی لە خەڵک دابڕێ و بە تەنیایی لەدووی بەختیاری بگەڕێ بە کوێرە رێ دەگا، چونکە ئەنجام دانی هەندێ لە غەریزەکانی لە تەنیاییدا مەحاڵە. خۆ ئەگەر یەک جووت مرۆڤی تەنیاش پێکەوە بژین ئەوا پاش ماوەیەک رەنگدانەوەی خۆپەرستی و غەریزە و رەفتاریان ئاسوودەییان لێ دەشێوێنێ. ئەمە جگە لەوەی مێکشی فەرد هەرگیز ناتوانێ خۆی لە ئەندێشەی نائومێدکەری تەنیایی و فەوتان و چەمکی داهاتوو دووربخاتەوە. تەنیایی و نائومێدی (پووچی) دوو حوکمی ئەبەدین، رزگاربوونی بنەڕەتی تەنیا بە رزگاربوونە لە وجوود، یانی مەرگ.

هەڵبەتە ئەمە مانای ئەوە نییە کە تاک هەمیشە و هەمووساتەکانی ژیانی نائومێد و تەنیاو دۆش داماو بەسەر بەرێ. ئەگەر وا بووایە مرۆڤایەتی بە هیچ نەدەگەیشت. مرۆڤ بە حوکمی عادەت و سەرگەرمی و چاوەروانی کۆمەڵایەتی دەکەوێتە بەر لێشاوی عاداتی رۆژانە و بە ئیرادە یان بێ ئیرادە دەکەوێتە گەڕو گوشاری واجیب سروشتی ئەسڵی و خەیاڵاتی تەنیایی و نائومێدی لەبیر دەباتەوە و بەرواڵەت خۆشحاڵ و بەختەوەرانە ئەو ئەرکانە جێ بەجێ دەکا کە لێی چاوەروان دەکرێ. جارجاریش کە دێتەوە سەرخۆی لە تەنیاییدا، دوور لە هەراو هوریای فەرمانەکانی ژیانی رۆژانە، دەکەوێتە بیرکرنەوە. پووچی ژیانی خۆی و ئەوانی تر و تەنیایی هەموولایەکی بیر دەکەوێتەوە. بەسەر هێڵی پەی پێنەبراوی تەمەن و تاس دەیباتەوە کە نازانێ بەرەو کوێ دەچێ و کۆتایی کەیە! بەسەر تەپۆڵکەی ئارەزووە بەدی نەهاتووەکانیەوە تاس دەیباتەوە کە نازانێ بۆچی هەن و چییان لێ بەسەردێ! بەسەر حەسرەتی لەچاو بەختەوەرەکانی هاورەگەزییەوە تاس دەیباتەوە! تاس دەیباتەوە و خەریکە وەک رنۆی بەفر بەرەو هەڵدێری نائومێدی دارمێ بەڵام.... بەڵام کتوپڕ وەبیری دێتەوە کەوا مەحکوومە بە ژیان، بۆیە قۆڵی لێ هەڵدەماڵێ و دەست پێ دەکاتەوە.■

**تێبینی: ئەم بابەتە لێکۆڵینەوە نییە بەڵکوو رامانێکی تەنیاییە. لەراستیدا نامەیەکە کە لە غەریبی دا ساڵی ١٩٩٢ بۆ هاوڕێی پێشمەرگەم (د. جەلال عوسمان) نووسیوە.**

# دوو کاندیدا، یەکیان ژنو یەکیان رەشپێست، ئایا ئەمریکا گۆڕاوە؟

هێدر ماهر
و: عبدوڵا بەهرامی

**کۆشکی هەمیشە "سپی"**

لەوانەیە ئەمریکا بە وڵاتێک بناسرێت کە لە ئێتنیک و نژادە جۆراوجۆرەکانی جیهان پێکهاتوە، بەڵام کۆشکی سپی هەروا "سپی" بووە. لە سەردەمی سەرۆک کۆماریی جۆرج واشینگتۆن لە ساڵی ١٧٨٩ تا ئێستا، سەرجەم ٤٣ سەرۆک کۆماری ئەمریکا لە پیاوانی سپی پێست پێکهاتوون. بەڵام لەوانەیە لە هەڵبژاردنی پایزی ئەمساڵ دا ئەمریکاییەکان ئەم نەریتە لەمێژینە بشکێنن.

پارتی کۆماریخواز پێشتر ژمارەی کاندیداکانی خۆی گەیاندۆتە یەک کەس. سێناتۆر جان مەک کین کاندیدای پارتی کۆماریخواز بەپێی ستانداردەکانی پێشوو هەم پیاوە و هەم سپی پێستە. بەڵام لایەنگرانی پارتی دیموکرات بە تاسەوە چاوەڕوانن تا بزانن کام یەک لەو کاندیدایانەی ماونەتەوە (کلینتۆن و ئۆباما) دەنگی پێویست بەدەست دێنن بۆ ئەوەی لە مانگی نۆڤامبردا لەگەڵ سیناتۆر مەک کین رکەبەرایەتی بکەن.

چاوەڕوان دەکرێ وڵامی ئەم پرسیارە دوای رکەبەرایەتییە بەربڵاوەکانی هەرێمە گەورەکانی تێگزاس و ئوهایۆ روون بێتەوە. هەرچۆنێک بێ ئەم روداوە وەک گۆڕانێکی مەزن لەمەڕ هەڵوێستی خەڵکی ئەمریکا لە مێژووی ئەو وڵاتەدا تۆمار دەکرێ. بەڵام ریشەی ئەم گۆڕانە لە چی دایە؟

جیمز ماندرێل، توێژەری بەرنامەی توێژینەوەی ئێتیکی لە زانکۆی برێندیس لە هەرێمی ماساچوسێت دەڵێ کە ئەو پێیوایە ئەم گۆڕانە ئەوەندەی پێوەندی بە گۆڕانی زەمەنەوە هەیە ئەوەندە پێوەندی بە گۆڕانی بیر و ڕای خەڵکەوە نییە. ئەو هەروەها دەڵێ: ئێمە ئێستا لە سیاسەتەکانی ئەمریکادا لەباری زەمەنییەوە بە قۆناغێک گەیشتووین کە پێویستیەکی زۆر بە گۆڕان هەست پێدەکرێ و ئەم پێویستییە، کەسانی وەک هیلاری کلینتۆن و باراک ئۆباما دەخوازێ. بەسەرنجدان بەمە کە یەکێک لە دوو کاندیدایە لەگەڵ کۆماریخوازێکی سپی پێست دەکەوێتە ململانێ، سەرنجراکێش دەبێ کە بزانین دەنگدەرانی ئەمریکایی چەندە دەتوانن لەئاست دەمارگرژی و روانگەی پێشوویان زاڵ بن.

بێگومان هەر دوو کاندیداکە هەستی هەژان و بەشدارییەکی نوێیان ئاوێتەی پرۆسەی دیموکراتیک کردووە. ئۆباما یەکەمین ئەمریکایی بە رەچەڵەک ئەفریقایی نییە کە وەک کاندیدا لە رکەبەرایەتییەکانی سەرۆک کۆماریی ئەمریکادا بەشداری دەکا. جێسی جەکسۆن تا ئێستا دوو جار لە ململانێی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکادا بەشداری کردووە. بەڵام ئۆباما یەکەمین ئەمریکایی رەش پێستە کە بەڕاستی لەوانەیە لەم هەڵبژاردنەدا سەرکەوێ. تا ئێستا هیچ ژنێکیش وەک کاندیدا لە ململانێکان دا بەشداری نەکردووە.

**دەنگدەرانی دیاریکراو**

ئۆباما و کلینتون هەر دوویان لە لایەن چەندین گرووپی دەنگدەری دیاریکراوەوە پشتگرییان لێ دەکرێ. کلینتۆن لەنێو ژنان دا پشتگیری بەهێزی هەیە، لەکاتێک دا ئۆباما پشتگیری زۆربەی رەش پێستەکانی وڵاتی هەیە. لەگەڵ ئەمەش دا ئەوان بەردەوام پشتگیریی توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگەشیان بەدەست هێناوە. کلینتۆن لە نێو گرووپەکانی ئەمریکایی لاتین دا خۆشەویستە و ئۆباما لە لای پیاوە سپی پێستەکان.

ماندرێل دەڵێ: ئەمە دەری دەخا کە ئەمریکاییەکانی روبەرووی روانگە کەمینەکانی خۆیان سەبارەت بە دەوری ژنان و کەمایەتییە نژادییەکان لە دەسەڵات دا بوونەتەوە. ئەو هەروەها دەڵێ: کاندیداتۆری هیلای کلینتۆن و باراک ئۆباما لەم هەڵبژاردنەدا بە وردی و روونی ئێمەی لەگەڵ چەند پرسیارێک سەبارەت بە رەگەز و نژاد رووبەروو کردۆتەوە. من پێموایە ئەمساڵ ساڵێکی هەستیارە، چونکە پرسیارێک کە بەخێرایی دێتەگۆڕێ ئەمەیە کە سیاسەتەکانی هەڵبژاردن لە ئەمریکا تا چ رادەیەک پێوەندییان بە ناسنامەوە هەیە؟ ئایا خەڵک تەنیا لەبەر ژن بوون دەنگ بە هیلاری دەدەن یان نا؟ هەر ئەم پرسیارەش دەتوانین سەبارەت بە ئۆباماش بێنینە گۆڕێ. بەمپێیە من پێموایە ئێمە بەبێ لەبەرچاو گرتنی دۆزینەوەی وڵامی ئەم پرسیارانە لەگەڵ ئەم ئەگەرانە بەرەو رووین.



هیلاری کلنتۆن



باراک ئۆباما

خاتوو پائولا مەک کلین، بەڕێوەبەری ناوەندی توێژینەوەی ئێتنیکی و رەگەزی لە بەشی زانستی کۆمەڵایەتی زانکۆی دوک، لەوڵامی ئەم پرسیارەدا کە ئایا ئۆباما بەسەرنجدان بەوە کە رەش پێستە دەتوانێ لە هەڵبژاردنی گشتی دا سەرکەوێ یان نا، گوتی: من دەمەوێ بەپارێزەوە گەشبینی خۆم نیشان بدەم کە گۆڕانکاری لە ئەمریکا لە ئاستێک دایە کە زۆربەی دەنگدەرانی سپی پێست و خەڵکانی ئەمریکای لاتین وەک سەرۆک کۆمار دەنگ بە پیاوێکی رەش دەدەن. بەڵام ئاکامەکان هێشتا ناڕوونن. خاتوو مەک کلین پێی وا نییە کە سەرۆک کۆماریی ئۆباما بەخێرایی ببێتە هۆی ئەوە کە ناکۆکییە نەژادییەکانی نێوان رەش پێستان و سپی پێستان کە ئێستاش لە هەندێک لە ناوچەکانی ئەمریکا، بەتایبەت لە ناوچە دوور دەستەکانی باشوور شوێنەواری ماوە، چارەسەر بکات. بەڵام ئەو پێی وایە ئەمە دەتوانێ نیشانەی بەرو پێش چوونێکی سێمبولیکی زۆر بەهێز لە کۆمەڵگەدا بێ.

ئەو دەڵێ: بە رای من پێم کاریگەری ئەم هەڵبژارنە دەتوانێ روخساری وڵاتە یەکگرتووەکان چ لەنێوخۆی وڵات و چ لەئاست جیهانی دا بگۆڕێ. چونکە کەسێک بە نوێنەرایەتی گرووپێک کە بەشێوەی مێژوویی لە ئەمریکا لەژێر ستەم دابووە لەوانەیە وەک سەرکۆماری وڵات هەڵبژێردرێ. ئەم وێنە سێمبولیکە دەتوانێ یارمەتی بە ئەمریکاییەکان بدات تا رۆحێکی مەعنەوی بدۆزنەوە و وردە وردە لە دەمارگرژی نەژادی دوور کەونەوە.

**جیمز ماندرێل: ئێمە ئێستا لە سیاسەتەکانی ئەمریکادا لەباری زەمەنییەوە بە قۆناغێک گەیشتووین کە پێویستیەکی زۆر بە گۆڕان هەست پێدەکرێ و ئەم پێویستییە، کەسانی وەک هیلاری کلینتۆن و باراک ئۆباما دەخوازێ**

جیل گرینلی: پسپۆڕێکی بواری ئێتنیکی و سیاسەت لە زانکۆی کالیفۆڕنیا، لە پێوەندی لەگەڵ دەمارگرژی خەڵک سەبارەت بە سەرکۆمارێکی ژن و ئەوەی کە ئایا ئەمریکا بەکردەوە ئامادەیی سەرکۆمارێکی ژنی هەیە یان نا، ئاماژە بە وتەبێژی ئێستای ئەنجومەنی نوێنەران و ئەو دوازدە شارەوانە ژنە دەکات کە لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە تا ئێستا هەڵبژێردراون. گرینلی گوتی: ئەمریکا ئامادەیی وەرگرتنی خاتوونێکی سەرکۆماری هەیە.

بەڵام هیلاری کلینتۆن سەرەڕای پلەی پێشووی خۆی وەک کاندیدای دیموکرات، رێگایەکی ئاسانی نەبڕیوە. ئەو زۆرجار کەوتۆتە بەر رەخنەی توند و بەوە تۆمەتبار کراوە کە هەڵسوکەوتی وشک و توندی هەیە و بەپێچەوانەوە جاری واش بووە بە هەستیاربوونی لەرادەبەدەر تۆمەتبار کراوە. دیارە هاوتا پیاوەکەی ئەویش زۆر جار لەلایەن راگەیەندکانەوە کەوتۆتە بەر رەخنەی توند.

گرینلی دەڵێ: بەڵام رێگا بۆ کاندیدایەکی دیکەی ژن کە بیەوێ لە هەڵبژاردنی ئەمریکادا بەشداری بکات بەم دژوارییە نابێ. ئەو لە درێژەدا دەڵێ: من پێوایە کە خاتوو کلینتۆن بە چەشنێک رێگا بۆ کاندیدایەکی دیکەی ژن خۆش دەکات. زۆر لەو گرفتانەی کە سەبارەت بە ژنبوون بۆ کاندیدایەکی سەرکۆمار دەخولقێن، دەگەڕێنەوە بۆ ئەنجامی درێژماوەی کۆمەڵایەتیکردنی ئەم پرسە لە کولتورێکی کراوەدا کە روانگەیەکی تایبەتی سەبارەت بە ژن هەیە و ئەمەش لە شەو و رۆژێک دا ناگۆڕێ. بەڵام من پێم وایە کاندیداتۆری خاتوو کلینتۆن، کاندیداتۆری ژنانی دیکە ساناتر دەکات.

ئۆباماش بە نۆرەی خۆی رێگا بۆ کەسانی دوای خۆی خۆش دەکات. هەر وەک چاودێرێکی هەڵبژاردن گوتی، بە سەرۆک کۆمار بوونی ئۆباما بەو واتایەیە کە دایکە رەش پێستەکان بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئەمریکادا دەتوانن بە رۆڵەکانیان بڵێن کە ئەوانیش لەوانەیە رۆژێک بتوانن ببن بە سەرکۆمار و ئەوکات ئەم بەڵێنە دێتەدی.■